Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10314

# پارامێتەری سەر لە فرێزە ئەرکییەکانی زمانی کوردیدا

**عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف[1]، هەژار حسێن والی[2]**

١- بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

بەرهەمهێنانی دروستە سینتاکسییەکان (کە لێرەدا زیاتر مەبەست لە دروستەی سینتاکسیی فرێزە) بەپێی تیۆری (X-bar) لە رێگەی دوو بنەماوە جێبەجێدەبێت، کە ئەوانیش "بنەمای هەبوونی سەرو بنەمای دووپەلکی"ن. بەپێی بنەمای یەکەم، کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەیە، فرێزەکان پرۆژەی سەرە رێزمانییەکانن. سەرە رێزمانییەکان، کە بۆ بونیاتنانی پرۆژەی فرێز هەڵاوێری تەواوکەرێک دەکەن، لە فەرهەنگدا زانیاریی سینتاکسییان دەربارەی جۆری تەواوکەرەکە تیادا گەنجکراوە، بەڵام ئەوەیان تیادا هەڵنەگیراوە، کە ئاخۆ لە زمانێکدا پێش، یان دوای تەواوکەرەکە دەکەون. جێکەوتەی سەری رێزمانی لە پرۆژەی فرێزی زمانێکدا، لە رێگەی پارامێتەری سەرەوە لە سینتاکسدا دیاریدەکرێت، کە یان سەرەتا، یان کۆتایی پرۆژەکە دەبێت. لە قۆناغە بەراییەکانی تیۆری (X-bar)دا تەنها کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکان بە سەری رێزمانی دادەنران، بەڵام دواتر بەشێک لە کەتیگۆرییە ئەرکییەکانیش وەک سەری رێزمانی پەسنکران. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا، کە تایبەتە بە پارامێتەری سەر لە فرێزە ئەرکییەکانی زمانی کوردیدا، کەتیگۆرییەکانی "تافو رێککەوتنو واژەگۆکەر"مان وەک سەری رێزمانیی پرۆژە ئەرکییەکانی "(TP)و (AGRP)و (CP)" دەستنیشانکردووەو بە نموونەو هێڵکارییەوە ئەوەمان خستووەتەڕوو، کە هەریەک لەو پرۆژانە پەیرەوی لە چ جۆرێکی پارامێتەری سەر دەکەن.

***Article Info***

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

***Keywords***

پارامێتەری سەر، پارامێتەری سەرسەرەتا، پارامێتەری سەرکۆتا، فرێزی تاف، فرێزی رێککەوتن، فرێزی تەواوکەری رستەیی

***Corresponding Author***

**abduljabar.maroof@univsul.edu.iq**

**hazhar.wali@charmouniversity.org**

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، کە لە تێزی دکتۆرای (پارامێتەر لە سینتاکسو مۆرفۆسینتاکسی کوردیدا) هەڵهێنجراوە، ناونیشانی (پارامێتەری سەر لە فرێزە ئەرکییەکانی زمانی کوردیدا)ی لێنراوە. توێژینەوەکە لە روانگەی بنەماکانی تیۆری (X-bar)ەوە، بە کەرەستەی زاری کرمانجیی ناوەڕاست_شێوەزاری سلێمانیو بەپێی رێبازی پەسنیی شیکاری، گەنگەشەی پارامێتەری سەر لە فرێزە ئەرکییەکانی زمانی کوردیدا دەکات. بۆ ئەم مەبەستە ناوەرۆکی توێژینەوەکە بەسەر چەند پارو وەچەپارێکدا دابەشکراوە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

**١/١) پارامێتەری سەر، پەسنکردنو لێکدانەوە.**

**٢/١) پارامێتەری سەرو پرۆژەی فرێزە ئەرکییەکان.**

**١/٢-١) پارامێتەری سەر لە فرێزی تافدا.**

**٢/٢-١) پارامێتەری سەر لە فرێزی رێککەوتندا.**

**٣/٢-١) پارامێتەری سەر لە فرێزی تەواوکەری رستەییدا.**

لە دوای کۆتا وەچەپار، ئەو ئەنجامانەی، کە توێژینەوەکە پێیانگەیشتووە، لە چوار خاڵدا خراونەتەڕوو. پاشان پەراوێزەکانو ئینجا لیستی ئەو سەرچاوانەی، کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراون، لەگەڵ پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبیو ئینگلیزی، پێشکەشکراون.

### ١/١) پارامێتەری سەر، پەسنکردنو لێکدانەوە

پارامێتەری سەر[1] (**Head Parameter**) پارامێتەرێکە، کە جێکەوتەی سەری رێزمانی لەنێو پرۆژەی فرێزدا دیاریدەکات. بڕوانە: (Crystal, D., 2008: 349)، ( Richards, J. & Schmidt, R., 2010: 420). لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە:

